مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# جريدة الحوادث العراقية: نشأتها واتجاهاتها ودورها في التوثيق التاريخي

الباحث: ريكر مسيح احمد

regrmasih73@gmail.com

جامعة دهوك/ كلية التربية ئاكرى

أ.د.شيرزاد زكريا محمد

sherzad.mohamad@uoz.edu.krd

جامعة زاخو/ كلية التربية

**الكلمات المفتاحية**: صحيفة "الحوادث"، الصحافة العراقية، الوثائق التاريخية، الحرب العالمية الثانية، الرأي العام.

**كيفية اقتباس البحث**

احمد , ريكر مسيح , محمد , شيرزاد زكريا , جريدة الحوادث العراقية: نشأتها واتجاهاتها ودورها في التوثيق التاريخي,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed IASJ

مسجلة في Registered ROAD

**The Iraqi Newspaper "Al-Hawadith": Emergence, Trends, and its Role in Historical Documentation**

Researcher: Reger Maseeh ahmed

University of duhok, College of Education, Department of Modern and Contemporary History.
Email: regrmasih73@gmail.com

Sherzad zakarya mohamad

University of zkho, College of Education, Department of Modern and Contemporary History.
Email: sherzad.mohamad@uoz.edu.krd

**Keywords** : Al-Hawadith Newspaper, Iraqi Journalism, Historical Documentation, World War II, Public Opinion

**How To Cite This Article**
Ahmed ,Reger Maseeh ,Mohamad , Sherzad zakarya ,The Iraqi Newspaper "Al-Hawadith": Emergence, Trends, and its Role in Historical Documentation ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

This study offers a fascinating look into the history of "Al-Hawadith," an Iraqi newspaper published during the turbulent years of World War II (1941–1945). At its heart, the research seeks to unravel a compelling paradox in the paper's identity. While it was widely perceived as aligning with British political interests during the war, it simultaneously established itself as a fierce champion for the working

class and the poor, relentlessly exposing local corruption and administrative negligence. By digging deep into archival records, the study uses a historical-analytical approach to understand how these conflicting roles coexisted.

The research is organized into two main sections. The first explores the newspaper's origins and its rise to prominence, contextualizing it within the broader social and political landscape of wartime Iraq. It highlights how "Al-Hawadith" carved out a unique space for itself among its contemporaries.

The second section dives into the paper's editorial mechanics. It reveals a publication that prioritized substance over rhetoric, utilizing statistics and official data to ground its reporting. Beyond simply covering daily events, "Al-Hawadith" functioned as a vital forum for national dialogue. It stood out by welcoming diverse opinions and collaborating with professional bodies, such as the Baghdad Chamber of Commerce, to propose tangible solutions to crises. Ultimately, this study portrays "Al-Hawadith" not just as a news outlet, but as a complex, multi-dimensional platform that navigated high-stakes politics while remaining deeply connected to the struggles of everyday citizens.

**الخلاصة:**

تقدم هذه الدراسة تحليلاً مهما لصحيفة "الحوادث" العراقية، التي صدرت في الفترة الممتدة من 1 أيلول ١٩٤١ حتى ٣١ كانون الأول ١٩٤٥، وهي حقبة تزامنت مع الحرب العالمية الثانية وتحولاتها الجذرية. تتمحور الإشكالية البحثية حول فهم الازدواجية التي طبعت سياسة الصحيفة التحريرية؛ فمن جهة، كانت تُرى كمنبر ينسجم مع الاستراتيجية السياسية البريطانية، خاصة في فترة حساسة كالحرب العالمية. ومن جهة أخرى، وبشكل لافت، نصّبت نفسها كمدافع قوي عن حقوق الطبقات الفقيرة والموظفين المضطهدين، ووجهت نقداً لاذعاً للفساد والإهمال في الإدارة المحلية. يتبنى البحث المنهج التاريخي–التحليلي، ساعياً من خلال الفحص الدقيق لأرشيف الصحيفة وتفكيك خطابها ومضامينها المنشورة إلى تقديم فهم عميق لهذه الظاهرة المعقدة.

وقد تم بناء هيكل البحث على محورين رئيسيين متكاملين: المحور الأول خُصص لاستقصاء الإطار التأسيسي والتاريخي للجريدة، حيث يناقش ظروف النشأة والسياق السياسي والاجتماعي الذي ولدت فيه، متتبعاً مسار تطورها وانتشارها وتوسع نفوذها خلال سنوات الحرب العالمية الثانية (١٩٤١–١٩٤٥). كما يحدد هذا المحور المكانة التي احتلتها "الحوادث" في خارطة الصحافة العراقية المعاصرة لها، مبرزاً دورها الإعلامي المميز في تلك الحقبة.

أما المحور الثاني، فيتناول بالتفصيل السياسة التحريرية وأساليب المعالجة الصحفية التي ميزت الجريدة. ويتم ذلك عبر أربعة مستويات: أولاً، رصد التوجه التحريري العام واهتمام الجريدة بالقضايا الاقتصادية والاجتماعية والسياسية. ثانياً، تحليل الأسلوب الصحفي وخصائص الكتابة المعتمدة على لغة الأرقام والبيانات الرسمية. ثالثاً، استعراض أقسام الجريدة الثابتة ومضامينها المتنوعة وكيفية تناولها للأحداث اليومية. رابعاً، إبراز دور الجريدة كمنبر حيوي للحوار الوطني وطرح الحلول، حيث لم تكتفِ بالاتجاه الواحد بل أفسحت المجال لوجهات النظر المقابلة والمؤسسات المهنية، كغرفة تجارة بغداد، للمساهمة في معالجة الأزمات.

## ڕۆژنامەی "الحوادث" سەرهەڵدان و ئاراستەكان و ڕۆڵی لە بەڵگەنامەكردنی مێژووییدا


توێژەر: ريكر مسيح احمد

regrmasih73@gmail.com

جامعة دهوك/ كلية التربية ئاكرى

پ.د.شيرزاد زكريا محمد

sherzad.mohamad@uoz.edu.krd

جامعة زاخو/ كلية التربية



**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەیەكی وردی ڕۆژنامەی "الحوادث"ی عێراقی دەكات، لە ماوەی نێوان ١ی ئەیلوولی ١٩٤١ تا ٣١ی كانوونی یەكەمی ١٩٤٥ ، قۆناغێک كە هاوكات بوو لەگەڵ سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم(١٩٣٩–١٩٤٥) و گۆڕانكارییە قووڵەكانی. كێشەی

سەرەکیی توێژینەوەکە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو سیاسەتە دوولایەنییە چڕ دەبێتەوە کە سیاسەتی نووسینیی ڕۆژنامەکەی پێ جیا دەکرایەوە؛ لە لایەکەوە وەک سەکۆیەک دەبینرا کە لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق و ستراتیژی سیاسیی بەریتانیادا هاوتەریب بوو، بەتایبەت لە سەردەمێکی هەستیاری وەک جەنگی جیهانیی دووەمدا. لە لایەکی دیکەشەوە خۆی وەک بەرگریکارێکی سەرسەختی چینی هەژار و فەرمانبەران و کرێکارانی ستەملێکراوی کۆمەڵگایی عێراقی نمایش دەکرد و بێوچان ڕەخنەی لە گەندەڵی و کەمتەرخەمییەکانی ئیدارەی ناوخۆیی دەگرت. توێژینەوەکە پەیڕەوی لە ڕێبازی مێژوویی–شیکاری دەکات و لە ڕێگەی پشکنینی وردی ئەرشیفی ڕۆژنامەکە و هەڵوەشاندنەوەی گوتار و ناوەڕۆکە بڵاوکراوەکانی، هەوڵ دەدات تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ ئەم دیاردە ئاڵۆزە پێشکەش بکات.

پێکهاتەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو تەوەری سەرەکی و تەواوکەر بنیاد نراوە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی دامەزراندن و مێژوویی ڕۆژنامەکە، تێیدا باس لە بارودۆخی سەرهەڵدان و ئەو چوارچێوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەکات کە تێیدا لەدایکبووە، و بەدواداچوون بۆ ڕەوتی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوە و فراوانبوونە کاریگەرییەکەی دەکات لە ماوەی ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا (١٩٤١–١٩٤٥)، هەروەها ئەم تەوەرە ئەو پێگەیە دیاری دەکات کە "الحوادث" لە نەخشەی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی عێراقدا داگیری کردبوو، بە دەرخستنی ڕۆڵە میدیاییە تایبەتەکەی لەو سەردەمەدا.

سەبارەت بە تەوەری دووەم تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی ڕۆژنامەکە کە لەبری قسەی ڕووت، پشتی بە زمانی ژمارە و بەڵگە بەستووە بۆ خستنەڕووی پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. هاوکات وەک سەکۆیەکی نیشتمانیی کراوە، دەرگای بۆ ڕای جیاواز و دامەزراوەکان کردووەتەوە تا بەشداری لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەکان بکەن.

**وشەی سەرەکی:** ڕۆژنامەی "الحوادث"، ڕۆژنامەگەری عێراقی، بەڵگەنامەی مێژوویی، جەنگی جیهانی دووەم، ڕای گشتی.

**پێشەکی:**

قۆناغی جەنگی جیهانی دووەم (١٩٣٩–١٩٤٥) قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا، شایەتحاڵی گۆڕانکاری قووڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو کە

جێپەنجەی خۆیان لەسەر پێکهاتەی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەجێهێشت. لە نێو ئەم ڕووداوانەدا ڕۆژنامەی "الحوادث"ی ڕۆژانە وەک یەکێک لە سەکۆیە ڕاگەیاندنە گرنگەکان دەرکەوت کە ڕووداوە گرنگەکانی شەقامی عێراقی بەڵگەدار دەکرد و لە هەمان کاتدا ڕەنگدەرەوەی نیگەرانییە ڕۆژانەکان بوو.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەدواداچوونێکی ورد بۆ ڕەگ و ڕیشە و گەشەسەندنی مێژوویی ڕۆژنامەی "الحوادث" بکات، و تیشک بخاتە سەر ئاراستە و ڕۆڵە کاریگەرەکانی لە بەڵگەنامەکردنی مێژووی عێراقدا لە ماوەی نێوان دەرچوونی یەکەم ژمارەی لە ١ی ئەیلوولی ١٩٤١ تا ٣١ کانوونی یەکەمی ١٩٤٥. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێکهاتەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی ئەرشیفی ڕۆژنامەکە داڕێژراوە و دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەری سەرەکی و تەواوکەردا:

تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی دامەزراندن و گەشەسەندنی مێژوویی ڕۆژنامەکە. تێیدا باس لە بارودۆخی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەکرێت لە سایەی ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ فراوانبوونی بڵاوبوونەوە و تیراژەکەی دەکرێت لەو ماوەیەدا. ئەم تەوەرەیە کۆتایی دێت بە دیاریکردنی پێگەی "الحوادث" لەنێو چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەریی عێراقدا و کاریگەریی لەسەر دیمەنی ڕاگەیاندن لەو سەردەمەدا.

هەرچی تەوەری دووەمە بە وردی باس لە ئاراستەی نووسین و سیاسەتی دارشتنی ڕۆژنامەکە دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە هێڵی سەرنوسەری و ئەو پەیامانەی ئاراستەی کۆمەڵگەی دەکردن، بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی وەک چاودێرێکی ئابووری وپلاتفۆرمێکی نیمچە فەرمی کە لایەنگریی ئاشکرای بۆ چینە هەژار و زەحمەتکێشەکان دەکرد لە دژی قۆرخکاری و گەندەڵی، و وەک سەکۆیەک پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵاتی پێناسە دەکردەوە، لەپاڵ چاودێریکردنی وردی ئەدای حکومەت و پەرلەمان.

توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەم پێکهاتەوە هەوڵدەدات ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە بۆ ڕۆژنامەی الحوادث بخاتەڕوو لە ڕێگەی بەڵگەنامەکردنی مێژووەکەی و شیکردنەوەی ڕۆڵەکانی و

تێگەیشتن لە پێگەی ڕۆژنامە عێراقییەکان لەو قۆناغە گرینگەدا. هەروەها ئامانجیەتی تیشک بخاتە سەر گۆڕانی ڕۆژنامەکە لە گەیەنەرێکی سادەی هەواڵەوە بۆ هێزێکی کاریگەر، کە ڕۆڵی هەبوو لە ئاڕاستەکردنی شەقام و بەشداریکردن لەو بڕیارانەی کاریگەرییان لەسەر بژێوی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەبووە.

## تەوەرەی یەکەم

## دامەزراندن و گەشەسەندنی مێژوویی ڕۆژنامەی "الحوادث"

### باسي یەکەم : سەرهەڵدان و بارودۆخی دامەزراندنی "الحوادث"

دامەزراندنی ڕۆژنامەی "الحوادث" لە قۆناغێکی پڕکێشمەکێش و ئاڵۆزی مێژوویی هاوچەرخی عێراقەوە سەریهەڵدا، کە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمدا بەرۆکی شانشینی عێراقی گرتبوو، بەتایبەتی دوای شکستهێنانی بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١[١]کە ڕەشید عالی گەیلانی[٢] سەرکردایەتی دەکرد، و هەڵوەشانەوەی حکومەتی بەرگریی نیشتمانی و دووبارە داگیرکردنەوەی عێراق لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە لایەن سوپای بەریتانیاوە، ئەم پەرەسەندنە پڕ کێشمەکێش و هەژێنەرانە بوونە هۆی دروستبوونی بۆشاییەکی ڕاگەیاندنی گەورە لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا، چونکە ئەو دەسەڵاتەی لەژێر پاراستنی هێزی سەربازی بەریتانیادا گەڕابووەوە سەر حوکم ، دەستی کرد بە پاکتاوکردنی میراتی سەردەمی پێش خۆی و هەستا بە پەکخستن و ڕاگرتنی ڕۆژنامە نیشتمانی و نەتەوەییە گەورەکان کە ڕای گشتییان ئاڕاستە دەکرد و جۆش و خرۆشیان دەدایە جەماوەر، وەک ڕۆژنامەکانی "البلاد"، "الاستقلال" و "اليوم"، تا هاتنی دووی حوزەیرانی ١٩٤١، کە ڕێککەوتی هاتنەناوەوەی سوپای بەریتانیا بوو بۆ بەغدا ، ڕۆژنامەگەریی نیشتمانیی عێراقی بەتەواوی بێدەنگ کرابوو، ئەمەش شەقامی عێراقی کردبووە شوێنی دەنگۆکان، چونکە هیچ سەکۆیەکی ڕاگەیاندن نەبوو کە گوزارشت لە ئاراستەکانی قۆناغە نوێیەکە بکات یان پاساو بۆ بوونی دەسەڵاتە نوێیەکە بهێنێتەوە[٣].

لە سێبەری ئەم بۆشاییە هەستیار و مەترسیدارەدا، حکومەتی عێراق کە بە لایەنگری سیاسەتی بەریتانیا ئەژماردەکرا، بە هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا و هەواڵگریی سەربازی، درکی بە پێویستیی دروستکردنی دیمەنێکی ڕاگەیاندنی جێگرەوە کرد، بۆیە هەوڵیدا دەرچوونی ڕۆژنامەی نوێ مسۆگەر بکات کە گوزارشت لە دیدگای سەردەمی نوێ بکەن ، و وەک ئامرازێکی ئاراستەکردنی مەعنەوی کار بکەن، کە پڕ

بوو لە رق و کینە دژی بوونی بەریتانیا بۆ بەدەستهێنانی رای گشتی ، ئامانجی ستراتیژیی ئەم رۆژنامانە تێگەیاندن و دڵنیاکردنەوەی جەماوەر بوو بەوەی کە سەربەخۆیی عێراق پارێزراوە و بوونی سەربازیی هاوپەیمانان تەنها پێویستییەکی جەنگیی کاتییە و دەسەڵاتی سەروەریی وڵات پێشێل ناکات[٤]، لە پاڵیشیدا ئەنجامدانی هەڵمەتێکی دەروونی و راگەیاندن بۆ لێدان لە پیاوانی حوکمی پێشوو و ناوزڕاندنی ئەوان و لایەنگرانیان[٥]. ئەم رۆژنامە تازە لەدایکبووانە بۆ دابینکردنی دارایی و بەردەوامیی دەرچوونیان لەو بارودۆخە ئابوورییە سەختەدا، پشتیان بەو دەرماڵە داراییانە دەبەست کە لایەنە بەریتانییەکان و فەرمانگە حکومییەکان خەرجیان دەکرد، ئەمەش وای کردووە لە رووی مێژووییەوە وەک بەشێک لە ئامێری پڕوپاگەندەی بەریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف بکرێن[٦].

لەم کەشوهەوا سیاسی و ئەمنییە پڕ لە گرژییەدا، ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی "الحوادث" لە یەکی ئەیلوولی ١٩٤١ دەرچوو و ناسنامەی خۆی وەک رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانە راگەیاند، سەرەتای دەرچوونی رۆژنامەکە لە رۆژانی یەکەمدا جۆرێک لە ناڕوونیی کارگێڕیی پێوەدیاربوو؛ بە شێوەیەک لە چوار ژمارەی یەکەمدا، سەردێری ناسنامەی رۆژنامەکە ناوی خاوەن ئیمتیاز یان سەرنووسەری ئاشکرای تێدا نەبوو، و تەنها بە نووسینی ناوی بەڕێوەبەری بەرپرس "یەعقوب عەبدولعەزیز پارێزەر"ی لەسەر بوو[٧]. ئەم رێوشوێنەش رەنگدانەوەی دۆخی چاوەڕوانی و ناسەقامگیری بوو کە باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشابوو. هەڵسوڕێنەری سەرەکی رۆژنامەکە و ناسنامە راستەقینەکەی لە رووی دەستەی نووسەرانەوە ئاشکرا نەبوو تا دەرچوونی ژمارە پێنج لە ٥ی ئەیلوولی ١٩٤١، کە تێیدا ناوی رۆژنامەنووس "عادل عەونی" وەک سەرنووسەر دەرکەوت، بەمەش رۆژنامەکە قۆناغی سەقامگیریی کارگێڕی و دەرچوونی بەردەوامی دەستپێکرد[٨].

بەڵگەنامە فەرمییەکان و دۆسیەکانی وەزارەتی ئیرشاد و ناوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە دامەزرێنەری راستەقینە و خاوەن ئیمتیاز "عادل عەونی عەبدوڵلا" بووە، کە کەسایەتییەکی رۆژنامەوانیی عێراقی و دانیشتووی ناوچەی "عەلەویە"ی بەغدا بووە[٩]. فۆرمەکانی داواکاریی مۆڵەت و نوێکردنەوەی ئیمتیاز دەریدەخەن کە عەونی لە ساڵی ١٩٥٤دا تەمەنی چل و پێنج ساڵ بووە، واتە لە کاتی دامەزراندنی رۆژنامەکەدا لە ساڵی ١٩٤١ گەنجێک بووە لە سەرەتای سییەکاندا، ناوبراو لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا پیشەکەی بە رۆژنامەنووس ناساندووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر تەرخانبوونی تەواوەتی و پیشەییبوونی لە کاری راگەیاندندا[١٠]. هەروەها بەڵگەنامەکانی دواتر ئاماژە بەوە دەکەن کە رۆژنامەکە پەنای بۆ کەسایەتییە یاساییەکان بردووە

بۆ بەڕێوەبردنی بەشی نووسین ، وەک پارێزەر "شەوکەت حەبیب شەبیب" کە لە قۆناغەکانی دواتردا ناوی وەک سەرنووسەر هاتووە، ئەمەش بە مەبەستی زامنکردنی سەلامەتیی پێگەی یاسایی ڕۆژنامەکە و دوورکەوتنەوە لە ڕاوەدوونانی دادوەری(١١).

ڕۆژنامەکە لە یەکەم ڕۆژییەوە لەژێر سایەی کۆمەڵە یاسایەکی بەرتەسککەرەوەی ئازادییەکاندا کاری دەکرد، بەجۆرێک کاری ڕۆژنامەوانی ملکەچی یاسای چاپەمەنییەکانی ژمارە ٨٢ی ساڵی ١٩٣١ و هەموارییەکانی بوو، بەتایبەتی هەمواری ژمارە ٥٧ی ساڵی ١٩٣٣ کە حکومەتی یەکەمی ڕەشید عالی گەیلانی دەریکردبوو و حکومەتەکانی دواتر کاریان پێدەکرد(١٢)، ئەم یاسایە مەرجی داراییی ئەستەم و بارمتەی گرانبەهای بەسەر دەرکردنی ڕۆژنامە سیاسییەکاندا دەسەپاند، هەروەها بە پشت بەستن بە تۆمەتی بێ بنەما و بچووک وەک "تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت" یان "ئانەوەی ڕق و کینە" یان "شێواندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی بیانی" دەسەڵاتێکی زۆری دەدایە وەزیری ناوخۆ بۆ داخستنی ڕۆژنامەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ دادگا (١٣)، دەستهەڵات ئەم یاسایانەی قۆستەوە بۆ زامنکردنی مانەوەی ڕۆژنامەی "الحوادث" و ڕۆژنامەکانی دیکەی ئەو قۆناغە لە چوارچێوەی ئەو هێڵەی بۆیان کێشرابوو، و دەرنەچوونیان لەو پلانانەی کە حکومەت و بەریتانیەکان بۆ ڕووداوەکان دەیانخستەڕوو(١٤).

لە ڕووی هونەری و لۆجیستییەوە، ڕۆژنامەکە زمانی عەرەبی وەک زمانی نووسین و سیفەتی سیاسیی ڕۆژانەی بۆ خۆی دیاری کردبوو، چەندین چاپخانەی کردبووە شوێنی دەرچوونی خۆی، لەوانە "چاپخانەی شەفیق" و "چاپخانەی گۆڤاری ئەلبۆقجە"، لە کاتێکدا بارەگای کارگێڕییەکەی لە شەقامی موتەنەبی دانا، کە ئەو شوێنە لە ڕوویی ڕۆشنبیری و سیاسییەوە بەغدای پێ دەناسرا، ئەمەش ئامادەبوونی لە جەرگەی ڕووداوەکان و پەیوەندیگرتن لەگەڵ نوخبە بۆ ئاسان کرد(١٥).

"الحوادث" تەنها ڕۆژنامەیەکی هەواڵی نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەکی سیاسی بوو کە ئامانجی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کە نەبوونی ڕۆژنامەگەریی نیشتمانی دروستی کردبوو ، ڕۆژنامەکە لە سەروتارەکانی سەرەتایدا هێرشی دەکردە سەر "بزووتنەوەی پێشوو" کە مەبەستی بزوتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی بوو و بە هۆکاری وێرانکاریی ئابووریی وڵات لە قەڵەمی دەدا، و ستایشی وەسی عەبدولئیلا (١٦)و ڕۆڵەکەی دەکرد لە گەڕاندنەوەی ئارامی، ئەمەش جەخت لەسەر وەزیفەکەی دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ داڕشتنەوەی هۆشیاریی سیاسیی عێراقی بەپێی پێداویستییەکانی داگیرکاریی دووەم(١٧).

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

## باسي دووەم: گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی"الحوادث" لە چوارچێوەی ئابووریی جەنگدا (١٩٤١-١٩٤٥)

ڕەوتی ڕۆژنامەی "الحوادث" لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ وەرچەرخانێکی گرنگ و بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینی ، بە جۆرێک لە تەنها بڵاوکراوەیەکی سیاسیی بانگەشەکارەوە بۆ دۆخی سیاسیی نوێ، گۆڕا بووە ڕۆژنامەیەکی گشتگیر و تۆمارێکی ڕۆژانەی وردی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراق. ئەم گەشەسەندنەش بە سوودوەرگرتن بوو لە تامەزرۆیی و تینوێتیی جەماوەر بۆ هەواڵەکان لە سایەی هەلومەرجی جەنگی جیهانیی دووەم و هەڵبەز و دابەزەکانیدا. ڕۆڵی ڕۆژنامەکە تەنیا لە گواستنەوەی بەیاننامە فەرمییە وشکەکاندا قەتیس نەبوو، بەڵکو فراوانتر بوو بۆ ڕووماڵکردنی وردی قەیرانەکانی بژێوی و جموجۆڵی بازاڕەکان و پەیوەندییە بازرگانییە دەرەکییەکان؛ ئەمەش وای کرد ببێتە سەرچاوەیەکی دانەبڕاو بۆ هاووڵاتیی عێراقی کە لەژێر گەمارۆی قەیرانە بژێوییەکاندا بوو، هاوکات لەگەڵ گۆڕینی ئابووریی عێراق بۆ ئابووریی بارودۆخی لە ناکاو و دەرکەوتنی دیاردەی قۆرخکاری و گرانیی لەڕادەبەدەر، "الحوادث" گەشەی کرد بۆ گێڕانی ڕۆڵی ڕۆژنامەی فەرمیی هاوتەریب، کە بڕیارە حکوومییەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی ژیانی ئابووری دەستبەجێ دوای دەرچوونیان بڵاودەکردەوە(١٨).

لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بوونە تەختەی ئاگاداریی نیشتمانی، کە ڕۆژانە بڕیارەکانی لیژنەی باڵای دابینکردن و وەزارەتی داراییی تایبەت بە دیاریکردنی نرخی کەرەستە بنەڕەتییەکانی وەک شەکر و چا و قاوەی تێدا بڵاودەکرایەوە(١٩)، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی وردەکاریی ورد و ئاڵۆز دەربارەی سیستەمی کارتی بەشەخۆراک زانیاری دەربارەی پشکە ڕێگەپێدراوەکان بۆ هەر تاکێک، و خشتەی دابەشکردنی ئەم کەرەستانە لە ناوچە جیاوازەکانی بەغدا و پارێزگاکانی عێراق؛ ئەمەش وای کرد خەڵکی بۆ زانینی وردەکارییەکانی بژێویی ڕۆژانەیان زیاتر پشتی پێ ببەستن(٢٠)، ڕۆژنامەکە تەنیا بەم ڕۆڵە وەزیفییە نەوەستا، بەڵکو هێڵێکی نووسینی هێرشبەرانەی دژی بازرگانان و قۆرخکاران گرتەبەر؛ لێدوانی بەرپرسانی وەک وەزیری داراییی ساڵح جەبری بڵاودەکردەوە کە قۆرخکارانی بە "ستوونی پێنجەم" وەسف دەکرد و داوای لەسێدارەدانیانی دەکرد، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ مژینی تووڕەیی شەقام و ئاراستەکردنی بە ڕووی بازرگاناندا لەجیاتی حکوومەت(٢١).

بازنەی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لە ڕووی جوگرافییەوە فراوانتر بوو بۆ چاودێریکردنی جموجۆڵی بازاڕەکان لە شارە جیاوازەکانی عێراقدا، ئیتر تەنیا ڕۆژنامەی پایتەخت نەبوو، بەڵکو

ڕاپۆرتی خولیی دەربارەی نرخی خۆراک و دانەوێڵە لە بەسرە، موسڵ، عیمارە و مونتەفیک و نەجەف بڵاودەکردەوە[٢٢]، هەروەها بەراوردکاریی ئاماریی وردی نێوان نرخی کەرەستەکان لە ساڵانی جیاوازی جەنگدا (١٩٤١، ١٩٤٢، ١٩٤٣) ئەنجام دەدا بۆ ڕوونکردنەوەی قەبارەی هەڵاوسان[٢٣]، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە شیکاریی ئابووریی قووڵی دەربارەی دیاردەی هەڵاوسانی دارایی دەخستەڕوو، کە دەرەنجامی زیادبوونی قەبارەی نەختینەی ئاڵوگۆڕپێکراو بوو [٢٤]، و هۆکارەکەی بۆ خەرجیی سەربازیی هاوپەیمانان و کەمیی کاڵا دەگەڕاندەوە، لەگەڵ پێشنیارکردنی چارەسەری زانستی وەک قەرزی ناوخۆیی و کێشانەوەی دراو، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێگەیشتنی هۆشیاریی ئابووریی ڕۆژنامەکە و پشت بەستنی بە نووسەرانی پسپۆڕ[٢٥].

بێجگە لەوەش ڕۆژنامەکە گەشەی کرد بۆ ئەوەی ببێتە دەنگی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی تازەپێگەیشتوو، ڕاپۆرتی تێروتەسەلی دەربارەی وەرزە کشتوکاڵییەکان و پێشبینییەکانی بەرهەمی گەنم و جۆ و کێشەی جووتیاران لەگەڵ ئافاتە کشتوکاڵییەکانی وەک "کوللە" و "سوونە" بڵاودەکردەوە[٢٦]، هەروەها بەیاننامەکانی وەزارەتی ئابووریی دەربارەی دابەشکردنی تۆ و ئامێرە کشتوکاڵییەکان دەگواستەوە و هانی جووتیارانی دەدا بەرهەمەکانیان ڕادەستی حکوومەت بکەن بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆراک[٢٧]، لەسەر ئاستی پیشەسازیش، "الحوادث" بانگەشەی بۆ پرۆژە نیشتمانییە تازە لەدایکبووەکانی وەک کارگەکانی چنین و سابوون و ڕۆن دەکرد، و پشتیوانیی پیشەسازیی نیشتمانیی وەک چارەسەرێکی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پچڕانی هاوردەکردن دەکرد[٢٨]، هەروەها هەواڵی پلانی دامەزراندنی پرۆژەی گەورەی وەک کارگەی چنینی لۆکە و پاڵاوگەی نەوتی بڵاودەکردەوە، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی گەشەکردنە لە دیدگای ڕۆژنامەکە بۆ ئایندەی ئابووریی عێراق[٢٩].

لە بواری پەیوەندییە دەرەکییەکانیشدا، ڕۆژنامەکە ڕووماڵەکەی فراوانتر کرد بۆ ئەوەی بازرگانیی نێودەوڵەتیش بگرێتەوە، بەجۆرێک بەدواداچوونی بۆ کرانەوەی عێراق دەکرد بە ڕووی وڵاتانی دراوسێی وەک (سوریا، لوبنان، میسر، تورکیا، ئێران) بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانی کاڵا ئەورووپییەکان، وردەکاریی ڕێککەوتننامەکانی "ئاڵوگۆڕی بازرگانی"ی بڵاودەکردەوە کە خۆی لە هەناردەکردنی خورما و مەڕوماڵات لە بەرامبەر هاوردەکردنی چنین و سابووندا دەبینییەوە[٣٠]، هەروەها بانگەشەی بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ هاوپەیمانان دەکرد، بەتایبەتی یاسای "خواستن و بەکرێدان"ی ئەمەریکی کە عێراقی دەگرتەوە[٣١]، لەگەڵ پشتیوانیی بەریتانیا کە لە ناردنی گەنمدا خۆی دەبینییەوە بۆ ڕزگارکردنی عێراق لە قاتوقڕی[٣٢]، هاوکات ڕاپۆرتی دەربارەی

پرۆژە گەورەکانی بۆریی نەوت بەناو بیاباندا بڵاودەکردەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ هۆشیاریی ڕۆژنامەکە بە ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ئابووریی عێراق و پەیوەستبوونی بە بازاڕی جیهانییەوە[٣٣].

### باسي سێیەم : پێگەی ڕۆژنامەکە لە نێو کایەی ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا

ڕۆژنامەی "الحوادث" لە نیوەی یەکەمی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا(١٩٤١-١٩٤٥)، پێگەیەکی گرنگی لە نەخشەی ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا داگیر کردبوو. دەکرێت ئەم پێگەیە لە ڕێگەی چەند ڕەهەندێکی سەرەکییەوە دەستنیشان بکرێت، کە بریتین لە: پۆلێنکردنی پیشەیی، نزیکبوونی لە ناوەندەکانی بڕیاردان، ڕۆڵی ئاراستەکردن لە کۆمەڵگەدا، هەروەها توانای ناوازەی لە بەردەوامبوون لە ژینگەیەکی ڕۆژنامەوانیی پڕ لە ئاڵۆزی و ناسەقامگیریدا. ئەم ڕۆژنامەیە لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی تاکەکەسیەکان(صحف الافراد) پۆلێن دەکرێت کە لە سەردەمی پاشایەتیدا باو بوون؛ واتە ئەو ڕۆژنامانەی کە خاوەندارێتییەکەیان بۆ کەسانی دیاریکراو دەگەڕایەوە و گوزارشتیان لە ئاراستەی خاوەنەکانیان یان لایەنە پاڵپشتیکارەکانیان دەکرد، بەپێچەوانەی ڕۆژنامە حزبییەکانەوە[٣٤]. لەگەڵ ئەوەشدا، "الحوادث" لەو ڕۆژنامە تاکەکەسییانەی دیکە بەپێش کەوتەوە کە زۆربەیان تەمەنێکی کورتیان هەبوو، چونکە بەوە جیا دەکرایەوە کە ماوەیەکی تارادەیەک درێژ بەردەوام بوو و بەدرێژایی ساڵانی جەنگ و دواتریش خۆی ڕاگرت، تا ئەو کاتەی بەپێی مەرسوومێک لە ساڵی ١٩٥٤دا لەکار خرا[٣٥]، پاشان هەر لە هەمان ساڵ دەستی کردەوە بە دەرچوون، تا جارێکی دیکە لە سەردەمی کۆماریداو بە تایبەتتر لە ١٨ تەموزی ١٩٥٨ بە بڕیارێکی فەرمانڕەوای سەربازیی گشتی ڕاگیرا[٣٦] ، ئەمەش وایکرد خاوەنەکەی لە ١٥ ئابی ١٩٦٠دا داوای هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکیی ئیمتیازەکەی بکات[٣٧]، و لە ٢٧ی ئابی هەمان ساڵ و بە پشتبەستن بە داوای خاوەنەکەی و حوکمەکانی مەرسوومی چاپەمەنییەکان ، وەزیری ئیرشادی ئەوکات دکتور فەیسەڵ سامر ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکە نیشان دا و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازی "الحوادث"ی دەرکرد ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پتەویی بنەمای کارگێڕی و ئەو پشتیوانییەی کە ڕۆژنامەکە هەیبووە[٣٨].

ڕۆژنامەکە پێگەکەی لەوەوە وەرگرتبوو کە توانی ئەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە کە بەهۆی نەمان و هەڵوەشاندنەوەی ڕۆژنامە نیشتمانییە گەورەکانی وەک (البلاد) و (الاستقلال) لە دوای ڕووداوەکانی ١٩٤١ەوە دروست بووبوو، بەمجۆرە وەک ئەمری واقیع بووە ڕۆژنامەی نیمچە

فەرمی قۆناغەکە و سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیارە حکوومییەکان و لیستی نرخەکان و هەواڵەکانی دابینکردنی خۆراک و بەیاننامە فەرمییەکان، کە زۆرجار بە تەنها خۆی بڵاوی دەکردنەوە یان پێش ئەوانی دیکە دەکەوت، ئەمەش وای کرد پێگەیەکی کاریگەر لەلای ڕای گشتیی عێراقی داگیر بکات کە لە سەردەمی قەیرانەکاندا تینووی زانیاری بوون[٣٩]. ڕۆژنامەکە ڕۆڵێکی وەزیفیی چەند لایەنە(سیاسی و ئابووری و کۆمەڵاتی) دەگێڕا، لە ڕووی سیاسییەوە سەکۆیەک بوو بۆ بەرگریکردن لە سیاسەتەکانی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان و بانگەشەکردن بۆ ئاراستە و بۆچوونەکانی شازادەی جێنشین وەسی عەبدولئیلاه، و هێرشکردنە سەر نەیارانی ئەو سەردەمە نوێیە[٤٠]، هەروەها دەنگێکی ڕاگەیاندن بوو بۆ هەوڵە جەنگییەکانی بەریتانیا، بە شێوەیەک سەرکەوتنەکانی هاوپەیمانانی بڵاودەکردەوە و تیشکی دەخستە سەر کۆمەکەکانیان بۆ عێراق، لە بەرامبەریشدا پڕوپاگەندەکانی ئەڵمانیای بێبایەخ دەکرد[٤١].

لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیشەوە، ڕۆژنامەکە ببووە ڕێبەرێکی ئابووری ڕۆژانە، کە بەدواداچوونی بۆ خەم و ئازارەکانی هاووڵاتییان دەکرد، نرخەکانی بازاڕی بڵاو دەکردەوە و هۆشداریی دەدا لەبارەی ساختەکاری و قۆرخکارییەوە. حکوومەت ئەم ڕۆژنامەیەی وەک ئامرازێک بەکار دەهێنا بۆ بەڕێوەبردنی جەنگێکی دەروونیی ئابووری دژی بازرگانە چاوچنۆکەکان، ئەوەش لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ناوەکانیان و بڵاوکردنەوەی ئەو حوکمانەی کە بەسەریاندا دەسەپێنران[٤٢]، هەروەها ڕۆڵێکی پێشەنگانەی گێڕا لە جووڵاندنی هەستی کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتیکردنی هەڵمەتەکانی بەخشین بۆ هەژاران و قوتابیان و بڵاوکردنەوەی لیستی خێرخوازان؛ ئەمەش وای کرد ببێتە نێوەندگیرێکی کارا لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە، و ئامرازێک بۆ پتەوکردنی گیانی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە کاتە سەختەکاندا[٤٣]، بەهۆی ئەو ڕووماڵکردنە گشتگیر و وردەی کە بە ژمارە و ئامار پشتیوانی دەکرا، ئەمڕۆ ژمارەکانی ڕۆژنامەی "الحوادث" بوونەتە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگ و تۆمارێکی ورد بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراق لەو سەردەمەدا، چونکە لە لاپەڕەکانیدا وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، نرخی کاڵاکان، یاساکانی دابینکردنی خۆراک و کێشەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی پاراستووە، ئەمەش وای لێ دەکات ببێتە سەرچاوەیەکی دانەبڕاو و پێویست بۆ توێژەرانی مێژووی عێراقی هاوچەرخ[٤٤].

## تەوەرەی دووەم

## سیاسەتی نووسین و شێوازەکانی چارەسەری رۆژنامەوانی لە رۆژنامەی "الحوادث"

### باسی یەکەم: ئاراستەی نووسین و بایەخەکانی رۆژنامەکە

سیاسەتی نووسینی رۆژنامەی "الحوادث" لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٤٥، تایبەتمەند بوو بە گرتنەبەری هێڵێکی ئاراستەکراو و روون ، کە بارودۆخی جەنگی جیهانیی دووەم و داتەپینی ئابووریی و لێکەوتەکانی ئەو جەنگە سەپاندبوویان، هەر بۆیە رۆژنامەکە بە تێگەیشتنێکی پێشوەختە بۆ مەترسیی قۆناغەکە، لە سەکۆیەکی هەواڵی تەقلیدییەوە گۆڕا بۆ ئامرازێکی کاریگەر لە دارشتنی بیروڕای گشتی و بەرێوەبردنی گوتاری قەیرانەکان، ئەمەش بەزوویی لە سەروتارەکانیدا دەرکەوت کە تەرخانکرابوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گرانی کە پێی گەورەترین خەم بوو لە ناو رووداوەکانی جیهان [٤٥]. تەواوی تواناکانی رۆژنامەکە بۆ خزمەتکردنی ئامانجێکی ناوەندی خرانەگەڕ کە خۆی لە بەدیهێنانی سەقامگیریی ناوخۆیی و بانگەشەکردن بۆ تێڕوانینی فەرمی بۆ چارەسەرەکان دەبینییەوە.

ئاراستەی گشتیی رۆژنامەکە لەگەڵ ویستی حکومەت و بەرژەوەندییە باڵادەستەکانی بەریتانیادا یەکی گرتەوە، لە جیاتی ئەوەی تەنها هەواڵە فەرمییەکان بگوێزێتەوە، بوو بە بەرگریکارێکی بەهێز و پەیڕەوکەری سیاسەتەکانیان ، ئەم لایەنگرییە بۆ بەریتانیا هەر لە هەفتەکانی سەرەتاوە دەرکەوت، کاتێک رۆژنامەکە دەستی کرد بە بانگەشە بۆ گرنگیی بەکارهێنانی پێگەکانی عێراق بۆ هاوکاریکردنی هاوپەیمانان لە جەنگدا[٤٦] ، ئەم یەکگرتنەوەیە گۆڕا بۆ پشتیوانییەکی بێسنوور بۆ هەنگاوەکانی حکومەت، بەجۆرێک رۆژنامەکە بە بەرنامە کاری دەکرد بۆ شەرعیەتدان بە توندترین رێکارەکان، وەک کۆنترۆڵکردنی کاڵا و شمەک، کە وەک پێویستییەکی نیشتمانیی حەتمی وێنای دەکردن، بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بە شێوازی دووبارەکردنەوە و بەرچاوخستن دەبەست، بەوەی بەیاننامە و پاساوەکانی حکومەتی دەکردە مانشێتی سەرەکی و لە پێشەوەی لاپەرەکان بڵاوی دەکردنەوە[٤٧] . لە هەمان کاتدا هەوڵی دا شەرعیەتی دەسەڵات لە رێگەی بە کەسیکردنەوە بونیاد بنێت، لە رێگەی بەستنەوەی راستەوخۆی سەقامگیری و هەوڵە نیشتمانییەکان بە کەسایەتیی وەسی "عەبدولئیلاه" و بنەماڵەی شاهانەوە[٤٨]، لە گەڵیشیدا کاری کرد بۆ دارشتنی وێنەی رزگارکەر بۆ هاوپەیمانی بەریتانی، لە رێگەی جەختکردنەوە لە راپۆرتەکانیدا لەسەر قەبارەی گرنگیدان و پشتیوانیی ماددیی پێشکەشکراو لە لایەن بەریتانیا بۆ عێراق، و وەسفکردنی بەخشینەکانی بەریتانیا بە هەستی

نەبیلانە، بە ئامانجی گۆڕینی ئەم پشتیوانییە بۆ سەرمایەیەکی جەماوەری و سیاسی بۆ دەسەڵات و بوونی بەریتانی بەیەکەوە[٤٩].

لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەکە گوتارێکی هاندەرانەی ڕێکخراوی بەکار هێنا بۆ گۆڕینی توێژی بازرگانان و قۆرخکاران بۆ "دوژمنێکی ناوخۆیی"، بە بەکارهێنانی زمانێکی تاوانبارکردن کە لە فەرهەنگی جەنگەوە وەرگیرابوو. تەنها چەند هەفتەیەک دوای دامەزراندنی، دەستی کرد بە وەسفکردنی چالاکیی بازرگانان بە "تەماع" کە "پارەی خەڵکی دەدزێت"[٥٠]، تا کار گەیشتە ئەوەی گوتارەکە هەڵکشێت بۆ ئاستی پەسەندکردن و گواستنەوەی دەستەواژەی بارگاویی وەک "ستوونی پێنجەم" و "دوژمنانی نەتەوە" ڕاستەوخۆ لە لێدوانی بەرپرسانی وەک وەزیری دارایی "ساڵح جەبر"ەوە[٥١]. سەروتار و کۆمێنتەکان تەنها لە گواستنەوەدا نەمانەوە، بەڵکو داوای ئاشکرای سەپاندنی توندترین سزاکانیان دەکرد، وەک باجی قورس کە بە "باشترین پاداشت " وەسف دەکرا، لە هەوڵێکی ڕوونی ڕۆژنامەکەدا بۆ مژینی تووڕەیی جەماوەر و ئاراستەکردنی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو[٥٢].

خەمی ئابووری – بژێوی باڵی بەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکاندا کێشابوو، بە شێوەیەک ڕۆژنامەکەی کردبووە ئاوێنەی قەیرانەکە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی وەزیفییەوە، پرسەکانی خۆراک و دابینکردنی پێداویستییەکان زۆرترین ڕووبەری داگیر کردبوو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نیمچە ڕۆژانەی بەیاننامەکانی "ڕێکخستنی ژیانی ئابووری" و سزاکانی دابینکردن[٥٣]، لە کاتێکدا ڕۆژنامەکە لە پرسی کۆمەڵایەتیدا لە چاودێرێکەوە گۆڕا بۆ کارەکتەرێکی کارا لە بەڕێوەبردنی دۆسیەکەیان لە ڕێگەی ئەو هەڵمەتە خێرخوازییانەی ڕای دەگەیاندن، وەک هەڵمەتی "بەهاناوەچوونی هەژار"، کە بە شێوازێکی سۆزداری وێنا دەکرا و تیشکی دەخستە سەر بەخشین و چاودێریی نوخبەی دەسەڵاتدار و بنەماڵەی شاهانە، بە ئامانجی کەمکردنەوەی گرژیی کۆمەڵایەتی و بەخشینی سیمایەکی مرۆیی بە دەسەڵات[٥٤]. هەروەها ئەم گوتارە درێژ بووەوە بۆ پشتیوانیکردنی ئاراستەی هاوکاریی ئابووریی عەرەبی وەک جێگرەوەیەک بۆ بازاڕە داتەپیوەکانی ئەورووپا، لە ڕێگەی ڕووماڵکردنی بانگەشەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆت و بەندە بازرگانییەکان لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و دواتر بەدواداچوون بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتننامە دووقۆڵییەکان، وەک بەشێک لە گەڕان بەدوای دەرچەیەکدا کە خزمەت بە لایەنگیریی گشتیی ڕژێم بکات و وێنەکەی بەهێز بکات[٥٥].

به شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بگوترێت سیاسەتی ڕۆژنامەی "الحوادث" سیاسەتێکی ئاراستەکراو بوو بۆ چەسپاندنی سەقامگیریی دەسەڵات لە کاتی قەیراندا. ڕۆژنامەکە پرسە ئابوورییەکانی وەک ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەکار دەهێنا.

### باسی دووەم: شێوازی ڕۆژنامەوانی و تایبەتمەندییەکانی نووسین

زمانی ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا دابەش بووە بەسەر دوو شێوازی تەواو جیاوازدا، ئەمەش بەپێی سروشتی بابەتە بڵاوکراوەکە و ئامانجەکەی دەگۆڕا.

کاتێک دەقە فەرمییەکانی وەک یاسا و بەیاننامە حکومییەکانی بڵاودەکردەوە، پابەند بوو بە زمانێکی ئیداریی توند، کە زاراوەی یاسایی و ڕستەی درێژ و ئاڵۆزی بەکاردەهێنا کە لە دارشتنی یاسادانان دەچوون. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی "بەیاننامەی ڕێکخستنی ژیانی ئابووری ژمارە (٤٢)ی ساڵی ١٩٤٢"، دەبینین ناونیشانەکان بە خەتی ئەستوور نووسراون، و بەدوایدا دەقی تەواوی بڕیارەکە وشە بە وشە دێت، کە بە دەستەواژەی وەک: "بە پشتبەستن بە ماددەی (٢) برگەی (هـ) لە یاسای ڕێکخستنی ژیانی ئابووری... بڕیارمان دا بەمەی خوارەوە: یەکەم: دابەشکردنی لیواکانی عێراق بۆ سێ ناوچە..." دەست پێ دەکات، لەگەڵ هێنانەوەی هەموو وردەکاری و برگە ژمارەکراوەکان، ئەم شێوازە بەڵگەنامەییە وشکە بێ مەبەست نەبوو ، بەڵکو مەبەست لێی بەخشینی سروشتێکی پابەندکەر و دەسەڵاتدارانە بوو بە ناوەڕۆکەکە، و دروستکردنی ئەو وەهمە لای خوێنەر کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە تەنها ڕایەک نییە، بەڵکو حوکمێکی جێبەجێکراوە[٥٦].

بەڵام وێنەکە بە تەواوی پێچەوانە دەبێتەوە کاتێک دەچینە سەر سەردێڕ و وتارە ڕەخنەییەکان، لەوێدا زمانەکە بە تەواوی ئازاد دەبێت و دەبێتە ئامرازێک بۆ وتاری سۆزداریی جۆشدار، لە جیاتی ئەوەی تەنها بە وەسفکردنی قۆرخکاران وەک سەرپێچیکارانی ئابووری بوەستێت، وشەکان دەگۆڕێن بۆ لێکچواندنی توندوتیژ کە لە جیهانی ئاژەڵان یان لە وتاری خیانەت لە کاتی جەنگەوە وەرگیراون. ڕۆژنامەکە لە زاری وەزیری دارایی ساڵح جەبر دەگوازێتەوە کە دەڵێت: "قۆرخکاران و دەستکاریکەرانی بازاڕ بە دوژمنی ئەم نەتەوەیە دەزانم، و وەک چۆن سەیری ستوونی پێنجەم دەکرێت ئاوا سەیریان دەکەم..."[٥٧]. هەروەها وتارەکانی دەگەنە ئاستی وەسفکردنیان بەوەی کە "لە مار کوشندەترن، و لە گورگی دڕندە ترسناکترن"[٥٨]، و بە شێوازی هەڕەشەی ئاشکرا قسەیان لە سەر دەکات: "لە داخدا بمرن، و سزای کارەکەتان بچێژن"،ئامانج

لەم گۆڕانکارییە زمانەوانییە ورووژێنەرە، جووڵاندنی هەستی خوێنەران و دروستکردنی ئەو هەستە بوو کە ئەوان لایەنێکن لە جەنگێکی ئەخلاقی کە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا بەڕێوە دەچێت[٥٩].

بۆ ئەوەی هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم ئاوازە هاندەرانەیە و پێویستیی دەرکەوتنی وەک سەرچاوەیەکی جددی و جێی متمانە ڕابگرێت، ڕۆژنامەکە چەندین ئامرازی ڕۆژنامەوانیی زیرەکانەی بەکارهێنا، بە شێوەیەکی بەردەوام پشتی بە هێزی ژمارە و ئامارەکان دەبەست بۆ پشتگیریکردنی بانگەشەکانی. تەنها بەوەوە نەوەستا کە بڵێت نرخەکان بەرزبوونەتەوە، بەڵکو خشتەی هەفتانەی وردی لە بەشی "جووڵەی بازاڕەکان" بڵاودەکردەوە، کە لە ڕێگەی بەراوردکردنی ڕاستەوخۆوە دەریدەخست چۆن نرخی گەنم لە نێوان ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٤٢دا لە ١٥ دینارەوە بۆ ٢٥ دینار بازدانی کردووە [٦٠]، و لە کاتی شیکردنەوەی دیاردەی هەڵاوسان، بە ژمارەی ورد بەڵگەی دەهێنایەوە، و ڕوونیدەکردەوە کە بڕی دراوی ئاڵوگۆڕکراو لە ٦ ملیۆن دینارەوە لە سەرەتای جەنگدا بۆ ٤١ ملیۆن دینار لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٤دا بازدانی کردووە[٦١]، هەروەها سوور بوو لەسەر بەڵگەنامەییکردنی سەرچاوەی هەواڵەکانی بە دەستەواژەی ڕوونی وەک "نامەی عەمارە – بۆ پەیامنێری تایبەتی الحوادث" یان "نووسینگەکانی ئاژانسی هەواڵی عەرەبی ناردوویانە..." ، بۆ ئەوەی خۆی لە گێڕەرەوەکانی دەنگۆ جیا بکاتەوە[٦٢].

بگرە ڕۆژنامەکە شێوازێکی بوێرانەتری گرتەبەر، کە شێوازی "ناوهێنانی ئاشکرا" یان ناوزڕاندن بوو، لە هەوڵێکدا بۆ سەپاندنی دیسپلین، ناوی سەرپێچیکارانی بە ڕاشکاوی دەهێنا، وەک لە وتارێکیدا هاتووە، دۆخی "کەریم کوڕی ڕازی، بەقاڵ لە مەیدان، کە ٥٠ دینار سزادرا و شەکرەکەی دەستی بەسەردا گیرا چونکە کیلۆی بە ٢٠٠ فلس فرۆشتووە"واتە گرانتر لە نرخی فەرمی[٦٣]، لە بەرامبەردا، ناوی خێرخوازانی دەردەخست، و بڵاویدەکردەوە، بۆ نموونە لە یەکێ ووتارەکانی هاتووە کە "شاژنی دایک بڕی ٣٠٠ دیناری بەخشیوە، و هەر یەک لە شازادەکان ٥٠ دیناریان بۆ هاوکاری هەژاران بەخشیوە"، بەم شێوەیە لاپەڕەکانی کردە شانۆیەک بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتی، کە تێیدا کەسی پابەند پاداشت دەکرێت و سەرپێچیکار ڕیسوا و شەرمەزار دەکرێت[٦٤].

لە ڕووی ئەو فۆرمە ڕۆژنامەوانییانەی کە بەکاری دەهێنان، "الحوادث" بە لێهاتووییەوە هەموو جۆرە بەردەستەکانی بەکارخستووە، هەواڵی بەپەلەی کورتی بەکاردەهێنا بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارە دەستبەجێکان وەک بڕیاری "قەدەغەکردنی هەناردەکردنی مەڕوماڵات بۆ دەرەوەی عێراق بە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٣

هەموو شێوەیەک"[٦٥]، و لە ڕاپۆرتی شیکاریدا فراوان دەبوو بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکان، وەک گواستنەوەی شیکردنەوەی وەزیری ئابووری دەربارەی "کاریگەریی ڕاستەوخۆی قەیرانی جیهانی لەسەر بازاڕەکانی عێراق"[٦٦]، وتاری سەردێریش شوێنی پەسەندکراوی بوو بۆ بڵاوکردنەوەی وتاره ئاڕاستەکراوەکانی. لە هەمان کاتدا بەشە فەرمییەکەی کە لە بەڵگەنامەی حکومی دەچوو پاراست، و دەقی تەواوی وەک "پەیڕەوی تایبەت بە دەرماڵەی گرانبوونی بژێوی بۆ خانەنشینان"ی بڵاودەکردەوە کە ئاماژە بە پێدانی "دەرماڵە بە ڕێژەی ٢٥٪ لە مووچەی خانەنشینی" دەکات[٦٧].

### باسی سێیەم: بەشەکانی ڕۆژنامەی"الحوادث" و ناوەڕۆکەکەی

لە ڕێگەی شیکردنەوەی پەیڕەوی نووسین و دابەشکاریی بۆشایی لە ڕۆژنامەی "الحوادث"دا، دەتوانرێت ئەو دەرئەنجامە وەربگیرێت کە ڕۆژنامەکە لە بەشی جیاوازدا ڕێکخرابوو. هەر لاپەڕەیەک ئەرکێکی نووسینی دیاریکراوی جێبەجێ دەکرد، کە ئەمە وای دەکرد ڕۆژنامەکە لە کۆی گشتیدا ببێتە بەڵگەنامەیەکی یەکپارچە کە لایەنە جیاوازەکانی ژیان لە عێراقی سەردەمی جەنگدا نیشان بدات.

**لاپەڕەی یەکەم:** لاپەڕەی یەکەم نزیکەی بە تەواوی تەرخانکرابوو بۆ هەواڵە گەورەکانی جیهان و پەرەسەندنەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، لەگەڵ وتاری سەروتاری سەرەکیی ڕۆژنامەکە کە باسی لە پرسە هەرە هەنووکەییەکە دەکرد. بۆ نموونە، لە ژمارە ١١یدا ، دەبینین کە مانشێتی سەرەکی بریتییە لە سەلاحەدین سەباغ و موفتی پەنا دەبەنە بەر کۆمسیۆنی ئەڵمانی لە تاران، و لە ژێریشیدا هەواڵی کۆنگرەی ئەمریکی و هەڵوەشاندنەوەی یاسای بێلایەنی و هەوڵە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەڵمانیا لە تورکیا هەیە[٦٨]. لە ژمارە ١٠٣یدا، مانشێتە دیارەکە بریتی بوو لە "ململانێ توندی جیهانیی ، ئایا بەم زووانە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە؟". ئەم تەرخانکردنەی لاپەڕەی یەکەم بۆ کاروباری جیهانی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆژنامەکە ڕووداوە ناوخۆییەکانی لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیی خۆیدا دادەنا، بەو تێگەیشتنەی کە چارەنووسی عێراق بە شێوەیەکی توند پەیوەستە بە ڕەوتی جەنگەوە[٦٩]. لە حاڵەتی دەگمەندا، کاتێک پرسێکی ناوخۆیی گرنگییەکی یەکجار زۆری هەبووایە، پێشەنگی وەردەگرت، وەک وتاری "قازانجە حەرامەکان: کەی حکومەت دەستیان بەسەردا دەگرێت و سنوورێک بۆ ئەم گرانبوونە دادەنێت؟"[٧٠].

**لاپەڕەی دووەم:** لاپەڕەی دووەم ئەو بۆشاییە زیندووە بوو کە بە تەواوی بۆ هەواڵی ناوخۆیی تەرخان کرابوو لەژێر ناونیشانێکی جێگیر و دیاردا کە بریتی بوو لە ڕووداو و هەواڵی ناوخۆیی،

ئەم لاپەڕەیە وەک ڕۆژنامەیەکی بچووککراوە بوو کە خەمە ڕۆژانەکانی هاووڵاتیی عێراقی چارەسەر دەکرد، و دەکرێت ناوەڕۆکەکەی بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش بکرێت:

١. **پرسە ئابووری و بژێوییەکان** :ئەمە ناوەڕۆکی هەرە دیار بوو، و بەدواداچوونی "نرخەکانی بازاڕ" (وەک ڕاپۆرتی نرخەکانی بازاڕی بەغدا) (٧١)، و پرسەکانی قۆرخکاری و قاچاخچێتی وەک هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی خورمای قاچاخ، و کێشەکانی دابینکاری وەک دەستکاریکردنی نرخی کاڵاکانی لەخۆدەگرت(٧٢).

٢. **پرسە کۆمەڵایەتییەکان** :ئەم لاپەڕەیە کاروباری کرێکاران و بێکاری ڕووماڵ دەکرد، وەک وتاری "هەموارکردنەوەی یاسای کرێکاران"(٧٣)، و پرسەکانی هەژاری و فریاگوزاریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەدواداچوونی هەڵمەتەکانی "فریاکەوتنی هەژار"ەوە(٧٤). هەروەها باسی لە کێشەکانی تەندروستیی گشتی دەکرد، وەک دیارنەمانی دەرمان لە دەرمانخانەکانط (٧٥).

٣. **هەواڵی لیواکان**: ڕۆژنامەکە بۆشاییەکی گرنگی بۆ گواستنەوەی هەواڵی پارێزگاکان تەرخان کردبوو، کە وێنەیەکی گشتگیری لەبارەی بارودۆخی گشتیی عێراقەوە دەبەخشی. بۆیە هەواڵمان لەژێر ناونیشانی وەک "هەواڵەکانی عیمارە"(٧٦)، یان هەواڵەکانی بەسرە دەبینی، کە تەرکیزیان لەسەر کێشە ئابوورییەکان و چارەسەرە ناوخۆییەکان بوو(٧٧).

**لاپەڕەی سێیەم و چوارەم**: دوو لاپەڕەکەی کۆتایی ئەرکێکی دوولایەنەیان جێبەجێ دەکرد: سەکۆی فەرمیی دەوڵەت بوون، و بازاڕی ڕیکلامی کۆمەڵگە بوون.

- **سەکۆی فەرمی** :بۆشاییەکی بەرفراوان لەم دوو لاپەڕەیەدا بۆ بڵاوکردنەوەی دەقی تەواوی "بەیاننامەکانی ڕێکخستنی ژیانی ئابووری" تەرخان کرابوو، کە لەلایەن لیژنەی باڵای دابینکاری و وەزارەتە جیاوازەکانەوە دەردەچوون وەک "بەیانی ڕێکخستنی ژیانی ئابووری ژمارە (٤٢)ی ساڵی ١٩٤٢"(٧٨)، و "حوکمەکانی دابینکردن "کە دژی سەرپێچیکاران دەردەچوون(٧٩).

- **ڕیکلامی بازرگانی و ژیانی گشتی** :لاپەڕەکانی کۆتایی، بەتایبەتی لاپەڕەی چوارەم، دەروازەیەک بوو بەسەر ژیانی بازرگانی و کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی ڕیکلامەکانەوە. بۆیە ڕیکلاممان بۆ بەرهەمی نیشتمانی دەبینی وەک "جگەرەی ممتاز" و "شەهرەزاد "کە لە زۆربەی ژمارەکاندا دووبارە دەبووەوە ، لەگەڵ ڕیکلامی سینەما وەک سینەما حەمرا، و ڕیکلامی پارێزەران و پزیشکان، کە وێنەیەکی زیندووی بازاڕ و خزمەتگوزارییە بەردەستەکانی ئەو سای بەغدای دەکێشا(٨٠).

ئەم پێکهاتە نووسینە سیستماتیکە، کە لە جیهانییەوە بۆ ناوخۆیی، و لە جەماوەرییەوە بۆ فەرمی، و لە سیاسییەوە بۆ ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگوازرایەوە، ئەوەیە کە ڕۆژنامەی "الحوادث"ی دەکردە سەرچاوەیەکی یەکپارچە و گشتگیر، کە بە ڕاستگۆیی و ئاڵۆزییەوە ترپەی ژیانی لە عێراقی ساڵانی جەنگدا دەنواند.

**باسی چوارەم: ڕۆژنامەکە وەک سەکۆیەک بۆ گفتوگۆی نیشتمانی و چارەسەر:**

سیاسەتی نووسینی "الحوادث" تەنها لە ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی کارە هەڵەکاندا کورت نەکرابووەوە، بەڵکو لەوە تێپەڕیبوو بۆ ئەوەی ببێتە سەکۆیەکی ڕاستەقینە بۆ گفتوگۆی نیشتمانی، و گۆڕەپانێک بۆ خستنەڕووی چارەسەر و بیرۆکەی کردەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە. لاپەڕەکانی بۆ بەرپرسان، پسپۆڕان و هاووڵاتیان بە هەمان شێوە کردبووەوە، تا دینامیکێکی کارلێک ئامێزی دەگمەن لە ڕۆژنامەگەریی ئەو سەردەمەدا دروست بکات.

**أ. بۆچوونی پسپۆڕان و بەرپرسان:**

- **وتاری پسپۆڕانی ئابووری:** ڕۆژنامەکە وتاری شیکاریی پسپۆڕانی ئابووریی بڵاو دەکردەوە، کە قووڵاییەکی فیکریی بە چارەسەرکردنەکانی دەبەخشی. دیارترین وتار لەم چوارچێوەیەدا، وتاری مامۆستا میر بەسری، سکرتێری ژووری بازرگانیی بەغدا بوو بە ناونیشانی "هەڵاوسانی دراو و بەرزبوونەوەی نرخەکان"، ئەم وتارە تەنها ڕاوبۆچوون نەبوو، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی ئابووریی سەنگین بوو؛ پێناسەی هەڵاوسانی دەکرد، هۆکارەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا شیدەکردەوە وەک زیادبوونی دراو، خەرجیی هێزە بیانییەکان، سەختیی هاوردەکردن، و لیستێکی لە هەشت چارەسەری کردەیی پێشکەش دەکرد، لەوانە هاندانی بەرهەمی ناوخۆ، بەستنی قەرزێکی ناوخۆیی، سەپاندنی باجی پلەبەندی، و دامەزراندنی کۆمپانیای بەشدار.بڵاوکردنەوەی وتارێکی ئاوا ورد، کە خشتەیەکی ئاماری لەگەڵدا بوو، ئەوە نیشان دەدات کە ڕۆژنامەکە هەوڵی دەدا خوێنەرەکانی ڕۆشنبیر بکات و بابەتی فیکریی پسپۆڕانە پێشکەش بە بڕیاربەدەستان بکات(٨١).

- **چاوپێکەوتن و لێدوانی بەرپرسان:** ڕۆژنامەکە هەوڵی دەدا ببێتە پردێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان حکومەت و گەلدا. بۆیە چاوپێکەوتنی ئەنجام دەدا و لێدوانی تەواوی وەزیر و بەرپرسانی بڵاو دەکردەوە. لە وتارێکدا بە ناونیشانی "بەڕێز وەزیری ئابووری بە بڕیار و هێزەوە چارەسەری گرانبوون دەکات"، ڕۆژنامەکە وتووێژێکی درێژ لەگەڵ وەزیردا پێشکەش دەکات، کە تێیدا

فەلسەفەی خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بازرگاناندا ڕوون دەکاتەوە، و قۆرخکاران بە بەرپرسیاری قەیرانەکە دادەنێت[٨٢]. بە هەمان شێوە، لێدوانەکەی وەزیری دارایی ساڵح جەبر، کە تێیدا قۆرخکارانی بە "ڕیزی پێنجەم" چواندبوو، تەنها هەواڵێک نەبوو، بەڵکو ڕووداوێکی ڕۆژنامەوانی بوو کە ڕۆژنامەکە دروستی کرد و وەک دەقێکی تەواو بڵاوی کردەوە، پاشان لە وتاری دواتردا بەدواداچوونی بۆ کرد بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی و داواکردن لە وەزیر کە وتەکانی بکاتە کردار[٨٣]. ئەم شێوازە، لێدوانی فەرمیی لە بەیانێکی وشکەوە گۆڕی بۆ ڕووداوێکی سیاسیی زیندوو کە جەماوەر کارلێکی لەگەڵدا دەکرد.

**ب. پێشکەشکردنی پێشنیاز و چارەسەری کردەیی:**

ڕۆژنامەکە پێشەنگ بوو لە خستنەڕووی چارەسەری داهێنەرانە و بوێرانە، کە تەنها ئاوات نەبوون، بەڵکو بەرنامەی کاری یەکپارچە بوون کە ئاراستەی حکومەت کرابوون.

- **پێشنیازی باجی پێشگیرانە** :لە وتارێکدا بە ناونیشانی "باجی بەرز باشترین سزایە بۆ بازرگانە قۆرخکارەکان"، ڕۆژنامەکە پرۆژەیەکی باجی ورد پێشکەش دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قازانجە لەڕادەبەدەرەکان، تەنها بە بانگەوازی گشتییەوە ناوەستێت، بەڵکو چوار ڕێکاری دیاریکراو پێشنیاز دەکات[٨٤]: زیادکردنی باجی قازانجە زیادەکان،و زیادکردنی باجی داهات بەدەر لە فەرمانبەران ، و زیادکردنی باجی موڵک بۆ ٥٠٪، و سەپاندنی باجێکی نوێ بەسەر تاکفرۆشاندا. بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم باجانە دوو ئامانج دەپێکن: سزادانی بازرگانە چاوچنۆکەکان، و دابینکردنی داهاتێکی گەورە بۆ خەزێنە کە دەکرێت لە پرۆژەی ئاوەدانی و بەرزکردنەوەی مووچەی فەرمانبەراندا بەکاربهێنرێت، ئەم پێشنیازە، نیشاندەری هۆشیارییەکی پێشکەوتووی ئابووری و سیاسییە.
- **بانگەواز بۆ دەستوەردانی ڕاستەوخۆی حکومەت** :لە بەرامبەر شکستی میکانیزمەکانی بازاڕی ئازاد لەژێر گوشاری قۆرخکاریدا، ڕۆژنامەکە چەندین جار داوای دەستوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی دەکرد. لە وتاری "نرخی چێشتخانەکان"، داوای دیاریکردنی نرخی خواردنی لە هەموو چێشتخانەکاندا دەکرد[٨٥]. لە وتاری "ڕۆژژمێری ڕۆژووەوانێک – نرخی قوماش"، لەوە زیاتر دەڕوات، و داوا لە حکومەت دەکات دەست بەسەر کۆگاکانی قوماشدا بگرێت و ڕاستەوخۆ بەسەر جەماوەردا بیانفرۆشێت لە ڕێگەی فەرمانبەرانەوە، و بە گاڵتەجاڕییەوە دەڵێت: ئەگەر

یەکێک وتی دەبێت بازرگانی بە تەواوی ئازاد بێت، وەڵامەکەی ئەمەیە: بەکارهێنانی ئازادیی بێ سنوور، دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەمان ئازادی[٨٦].

- **سود وەرگرتن لە ئەزموونە دەرەکییەکان** :ڕۆژنامەکە بەدواداچوونی بۆ ئەو چارەسەرانە دەکرد کە لە وڵاتانی دراوسێدا جێبەجێ دەکران و وەک نموونەیەک پێشکەشی دەکردن کە عێراق دەتوانێت چاویان لێ بکات. لە وتاری "نەهێشتنی قۆرخکاری"، باسی لە ئەزموونی لوبنان دەکات لە پێکهێنانی "لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی قۆرخکاری"، کە هەڵیان دەکوتایە سەر کۆگای قۆرخکاران لەسەر بنەمای نامەی هاووڵاتیان، و وتارەکە بەوە کۆتایی پێ دێنێت: "و پێ باشە ئەگەر حکومەتەکەمان ڕێکارێکی وا بگرێتەبەر"[٨٧]. لە وتارێکی دیکەدا بە ناونیشانی "کێشەکانی دابینکاری چۆن چارەسەر دەکرێن؟"، باسی لە ئەزموونەکانی میسر، سووریا و تورکیا دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی دەستکاریکردنی نان، و وەک وانەیەک پێشکەش بە حکومەتی عێراقییان دەکات[٨٨]. ئەم شێوازە بەراوردکارییە، ڕەهەندێکی کردەیی بە پێشنیازەکانی دەبەخشی و نیشانی دەدا کە تەنها بیرۆکەی تیۆری نین.

**ج. کردنەوەی بوار بۆ ڕای بەرامبەر:**

ڕۆژنامەکە سەکۆیەکی بە تەنها یەک دەنگە نەبوو، بەڵکو ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەی ڕای جیاواز دەدا، تەنانەت ئەوانەش کە ڕەنگە لەگەڵ ئاراستە گشتییەکەیدا ناکۆک بوونایە، کە ئەمە ڕۆڵی وەک سەکۆیەکی گفتوگۆ بەهێزتر دەکرد.

- **بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ژووری بازرگانی** :سەرەڕای ڕەخنە بەردەوامەکانی لە بازرگانە قۆرخکارەکان، ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕاپۆرتەکانی ژووری بازرگانیی بەغدای بە تەواوی بڵاو دەکردەوە، وەک ڕاپۆرتە وردەکەی دەربارەی کێشەکانی دابینکاردن، ئەم ڕاپۆرتە کە نوێنەرایەتیی بۆچوونی بازرگانانی دەکرد، کێشەکانیان بە ڕوونی دەخاتەڕوو، وەک زەرەرمەندبوونیان لە سیاسەتی نرخ دانانی دوواخراو، و داوای دادپەروەرییان دەکرد[٨٩]. پاشان ڕۆژنامەکە لە ژمارەیەکی دواتردا وتارێکی شیکاری بە ناونیشانی "دەربارەی ڕێکارەکانی دابینکردن و ڕاپۆرتی ژووری بازرگانیی بەغدا" بڵاو دەکاتەوە، کە تێیدا نووسەر وەڵامی ڕاپۆرتەکەی ژوورەکە دەداتەوە، لە هەندێک خاڵدا هاوڕایە و لە هەندێکی تردا دژی دەوەستێتەوە[٩٠]. ئەم گفتوگۆ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕاستەوخۆیە لە نێوان ڕاپۆرتی ژوورەکە و وەڵامی ڕۆژنامەکەدا، نموونەیەکی نموونەیی ڕۆڵیەتی وەک سەکۆیەکی گفتوگۆی گشتی.

- **بڵاوکردنەوەی نامەی خوێنەران** :ڕۆژنامەکە بۆشاییەکی بۆ بڵاوکردنەوەی نامە و داواکاریی هاووڵاتیان تەرخان دەکرد. لە وتارێکدا بەناونیشانی "دەسەڵاتی خاوەن موڵکەکان بەسەر کرێچییەکاندا لە موسڵ"، ڕۆژنامەکە دەقی داواکارییەکی بڵاوکردەوە کە بازرگانانی موسڵ ئاراستەی سەرۆک وەزیرانیان کردبوو و سکاڵایان لە چاوچنۆکیی خاوەن موڵکەکان دەکرد(٩١). لە کەیسێکی تردا داواکاریی "کرێکارانی چنین لە کازمییە" بڵاو دەکاتەوە کە داوایان دەکرد ڕێگەیان پێ بدرێت کار بکەن. بڵاوکردنەوەی ئەم داواکاری و نامانە تەنها گواستنەوە نەبوو، بەڵکو وەرگرتنی ئەم پرسانە و گەیاندنی دەنگی خاوەنەکانیان بوو بە حکومەت و بەرپرسان(٩٢).

دەتوانرێت بوترێت کە سیاسەتی نووسینی ڕۆژنامەی "الحوادث"، سیاسەتێکی پابەند بوو بە پرسەکانی کۆمەڵگەوە، ڕەخنەگرانە بوو لە چاودێریکردنیدا، و کردەیی بوو لە پێشنیازەکانیدا، سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی ناسنامەیەکی ناوازە بۆ خۆی وەک "دەنگی گەل"، ڕۆڵێک کە لە تەنها گواستنەوەی هەواڵ تێپەڕیبوو بۆ بەشداریی کاریگەر لە داڕشتنی واقیعدا.

**دەرئەنجام:**

١. ڕۆژنامەی "الحوادث" پرۆژەیەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو ئامرازێکی سیاسی بوو کە دەسەڵات و بەریتانییەکان دوای ڕووداوەکانی ١٩٤١ دایانمەزراند بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ڕاگەیاندن و شەرعیەتدان بە سیاسەتی قۆناغە نوێیەکە.

٢. نهێنی مانەوە و کاریگەریی ڕۆژنامەکە لەوەدا بوو کە توانی لە بانگەشەیەکی سیاسیەوە خۆی بگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی ئابووری و بژێوی، بەتایبەت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی خۆراک و دابینکردندا، کە ئەمەش وایکرد لە ساڵانی جەنگدا ببێتە پێویستییەکی ڕۆژانەی هاووڵاتیان.

٣. ڕۆژنامەکە ڕۆڵێکی زیرەکانەی بینی لە ئاراستەکردنی تووڕەیی خەڵک بەرەو بازرگانە قۆرخکارەکان لەبری حکومەت، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ژمارە و ئامار بۆ بەدەستهێنانی متمانە و کەمکردنەوەی گرژییە چینایەتییەکان.

٤. ژمارەکانی ڕۆژنامەی "الحوادث" ئەمڕۆ بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گشتگیر دادەنرێن بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق لە ساڵانی چلەکاندا، چونکە وردەکاریی ژیانی ڕۆژانە و یاسا و بڕیارەکانی ئەو سەردەمەی تێدا پارێزراوە.

## الهوامش (پەراوێزەکان)

(١) بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١:ڕووداوەکانی بزووتنەوەکە دوای ئەوە دەستیان پێکرد کە وەسی یاخود سەرپەرشتیاری تەخت(عەبدولئیلاە) لە سەرەتای نیسانی ١٩٤١دا بەرەو باڵیۆزخانەی ئەمریکا هەڵهات، هەروەها بارودۆخی سیاسی ئاڵۆز بوو دوای ئەوەی تەها ئەلهاشمی دەستلەکارکێشانەوەی کابینەکەی پێشکەش کرد و کەس نەبوو پەسەندی بکات، بۆیە حکومەتێک بەناوی حکومەتی بەرگریی نیشتمانی دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی دۆخەکە تا هەڵبژاردنی حکومەتێکی نوێ وەسییەکی نوێ بۆ عێراق. لە ڕۆژی ٢ی مایسی ١٩٤١دا هێزەکانی بەریتانیا دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی پێگە سەربازییەکانی عێراق و بەمەش جەنگی عێراق و بەریتانیا دەستی پێکرد و تا کۆتایی مایسی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، کە بە داگیرکردنی عێراق بۆ جاری دووەم لەلایەن بەریتانیاوە کۆتایی هات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:نجم الدين السهروردي، التاريخ لم يبدأ غداً (حقائق وأسرار عن ثورة رشيد عالي الكيلاني ٤١و ٥٨ في العراق)، ط٢ ، ١٩٨٩، ص ص ٦١-١١٧.

(٢) ڕەشید عالی گەیلانی (١٨٩٢ – ١٩٦٥) سیاسەتمەدارێکی عێراقی بوو، لە شاری بەعقوبەی پارێزگای دیالە لە گوندی سادە لەدایک بووە، لە خێزانێکی سیاسیی ناودار بوو، کە خزمی عەبدولڕەحمان نەقیبی یەکەم سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، لە ساڵی ١٩٢١ وەک دادوەر لە دادگای تەمییز و پێداچوونەوە دامەزرا و بووە مامۆستای یاسا لە کۆلێژی یاسا. لە ساڵی ١٩٢٤ بووە وەزیری داد، پاشان لە ساڵی ١٩٢٥ بووە وەزیری ناوخۆ، دواتر بووە سەرۆکی دیوانی شاهانە لە سەردەمی شا غازی. لەسەردەمی پاشایەتیدا لە عێراق سێ جار پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت، لە ساڵانی ١٩٣٣، ١٩٤٠ و ١٩٤١. سیاسەتمەدارێک بوو کە دژی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی بەریتانیا بوو لە کاروباری عێراقدا. لە پاش بزووتنەوەکەی ساڵی ١٩٤١، بەرەو لوبنان ڕۆیشت و تا کاتی کۆچی دوایی لە ساڵی ١٩٦٥ لە بەیرووت مایەوە، تەرمەکەی گواسترایەوە بۆ بەغدا و لە وێ بەخاکسپێردرا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: قيس الغريري ، رشيد عالي الكيلاني ودوره الوطني ، بغداد ، ٢٠٠١ . ص ص ١٠-١٩.

(٣) عبد السلام أحمد السامر، أساليب الدعاية البريطانية في العراق ١٩٣٩-١٩٤٥، بغداد ، ٢٠٢٤، ص١٧٣.

(٤) عبد السلام أحمد السامر،المصدر السابق، ص ١٧٣.

(٥) جريدة الحوادث ، العدد ١ ، ١ ايلول ١٩٤١.

(٦) عبد السلام أحمد السامر،المصدر السابق، ص ١٧٣.

(٧) بڕوانە سەردێری ناسنامەی : جريدة "الحوادث"، العدد ١ ، ١ ايلول ١٩٤١ .

(٨) بڕوانە سەردێری ناسنامەی : جريدة"الحوادث"، العدد ٥، ٥ ايلول ١٩٤١.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(٩) دار الكتب و الوثائق، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٢، ص٣.

(١٠) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٢، ص٣.

(١١) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ١، ص١.

(١٢) فائق بطي ، صحافة العراق (تاريخها و كفاح اجيالها) ، بغداد، ١٩٦٨، ص ص ٨٦-٨٧.

(١٣) علي نوري الشمري، موسوعة الصحافة العراقية خلال قرن و نصف ١٨٦٩-٢٠١٢ ، بغداد، ٢٠١٣، ص ص٦٣-٦٤.

(١٤) خالد حبيب الراوي، تاريخ الصحافة والاعلام في العراق (منذ العهد العثماني و حتى حرب الخليج الثاني ١٨١٦-١٩٩١) ، دمشق،٢٠١٠، ص ٤٦.

(١٥) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٢، ص٣.

(١٦) وەسی عەبدولئیلاه :له ساڵی ١٩١٣ له حيجاز لەدايكبووە ، دوای دامەزراندنی سیستەمی پاشایەتی له عێراق، چووەته نێو دەرباری شاهانه و وەزارەتی دەرەوە. پەیوەندیی لەگەڵ مەلیک غازی باش نەبووە، و به پشتیوانیی نووری سەعید، وەسایەتیی عەبدولئیلای بەسەر تەختی عێراقدا ڕاگەیەندرا، بەم شێوەیە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٥٣بووە سەرپەرشتی تەخت لەسەر شا فەیسەڵی دووەم. له ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەگەڵ ئەندامانی خێزانە شاهانەکەی لە کۆشکی ڕیحاب کوژرا. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: طارق الناصري ، عبد الاله الوصي على عرش العراق ١٩٣٦ – ١٩٥٨ حياته ودوره السياسي ،ج ١، بغداد، العراق ، ١٩٩٠،ص ص ٨-٥٤.

(١٧) جريدة "الحوادث"، العدد ١ ، ١ ايلول ١٩٤١ .

(١٨) جريدة الحوادث، العدد ٨٩، ١٢ كانون الأول ١٩٤١؛ العدد ٢٠٧، أيار ١٩٤٢.

(١٩) جريدة الحوادث، العدد ٩١، ١٥ كانون الأول ١٩٤١.

(٢٠) جريدة الحوادث، العدد ٢٣١، ٣ حزيران ١٩٤٢؛ العدد ٥٣١، ١٦ أيار ١٩٤٤.

(٢١) جريدة الحوادث، العدد ٣٤٨، ٢٦ تشرين الأول ١٩٤٢؛ العدد ٣٨٧، ١٧ كانون الأول ١٩٤٢.

(٢٢) بڕوانە ڕاپۆرتە ئابوورییەکان لە: جريدة الحوادث، العدد ١٢٨، ٢ شباط ١٩٤٢؛ العدد ٢٦٩، ٢١ تموز ١٩٤٢؛ العدد ٤٠٥، ٩ كانون الثاني ١٩٤٣؛ العدد ٣٤٢، ١٩ تشرين الأول ١٩٤٢؛ العدد ٣١٤، ١١ أيلول ١٩٤٢.

(٢٣) جريدة الحوادث، العدد ٤٠١، ٥ كانون الثاني ١٩٤٣؛ العدد ٣٢٠، ١٨ أيلول ١٩٤٢.

(٢٤) جريدة الحوادث، العدد ٥٩٦، ٣٠ تموز ١٩٤٤.

(٢٥) جريدة الحوادث، العدد ٤١٦، ٢٢ كانون الثاني ١٩٤٣؛ العدد ٤٠٢، ٦ كانون الثاني ١٩٤٣.

(٢٦) جريدة الحوادث، العدد ٢٨، ٢ تشرين الأول ١٩٤١؛ العدد ٧٢٤، ٢٩ كانون الثاني ١٩٤٥.

(٢٧) جريدة الحوادث، العدد ٥٧٣، ٣ تموز ١٩٤٤؛ العدد ٧٦٩، ٢٣ آذار ١٩٤٥.

(٢٨) جريدة الحوادث، العدد ٣٨٧، ١٧ كانون الأول ١٩٤٢؛ العدد ٤٠٦، ١١ كانون الثاني ١٩٤٣.

(٢٩) جريدة الحوادث، العدد ٧٥٢، ٣ آذار ١٩٤٥؛ العدد ٧٣٥، ٩ شباط ١٩٤٥.

(٣٠) جريدة الحوادث، العدد ٧٤٧، ٢٤ شباط ١٩٤٥؛ العدد ٧٥٥، ٧ آذار ١٩٤٥.

(٣١) جريدة الحوادث، العدد ٢٠٥، ٤ أيار ١٩٤٢؛ العدد ٤٦٥، ٢٥ شباط ١٩٤٤.

(٣٢) جريدة الحوادث، العدد ١٨٧، ١٣ نيسان ١٩٤٢؛ العدد ١٦٩، ٢٢ آذار ١٩٤٢.

(٣٣) جريدة الحوادث، العدد ٤٤٩، ٧ شباط ١٩٤٤؛ العدد ٨٣٩، ٢١ حزيران ١٩٤٥.

(٣٤) خالد حبيب الراوي ، المصدر السابق ، ص ص ٤٥-٤٦.

(٣٥) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ١، ص١؛علي نوري الشمري ، المصدر السابق ، ص ٦٤.

(٣٦) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٣٥، ص٣٦.

(٣٧) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٣٨، ٣٩.

(٣٨) (د.ك.و)، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٣٩، ص٤٠.

(٣٩) عبد السلام أحمد السامر،المصدر السابق، ص ١٧٣.

(٤٠) جريدة الحوادث، العدد ١٩، ٢٢ أيلول ١٩٤١.

(٤١) جريدة الحوادث، العدد ١، ١ أيلول ١٩٤١.

(٤٢) بۆ نموونە بروانە: جريدة الحوادث، العدد ٨٧، ١٠ كانون الأول ١٩٤١؛ العدد ٩١، ١٥ كانون الأول ١٩٤١؛ العدد ٢٣٦، ٩ حزيران ١٩٤٢.

(٤٣)بۆ نموونە بروانە: جريدة الحوادث، العدد ٦٧، ١٧ تشرين الثاني ١٩٤١؛ العدد ١٢٣، ٢٦ كانون الثاني ١٩٤٢؛ العدد ١٤٠، ١٦ شباط ١٩٤٢.

(٤٤) بۆ نموونە بروانە: جريدة الحوادث، العدد ١٦، ١٨ أيلول ١٩٤١؛ العدد ١٥٢، ٢ آذار ١٩٤٢؛ العدد ٢٥٤، ٢ تموز ١٩٤٢؛ العدد ٤٠٨، ١٣ كانون الثاني ١٩٤٣.

(٤٥) جريدة الحوادث، العدد ٥٢، ٣٠ تشرين الأول ١٩٤١؛ العدد ٨٨، ١١ كانون الأول ١٩٤١.

(٤٦) جريدة الحوادث، العدد ٢١، ٢٤ أيلول ١٩٤١.

(٤٧) جريدة الحوادث، العدد ٨٩، ١٢ كانون الأول ١٩٤١؛ العدد ٣٠، ٥ تشرين الأول ١٩٤١.

(٤٨) جريدة الحوادث، العدد ١، ١ أيلول ١٩٤١؛ العدد ٢٨٦، ١٠ آب ١٩٤٢.

(٤٩) جريدة الحوادث، العدد ١٣١، ٥ شباط ١٩٤٢؛ العدد ١١٥، ١٦ كانون الثاني ١٩٤٢.

(٥٠) جريدة الحوادث، العدد ٩٤، ١٨ كانون الأول ١٩٤١.

(٥١) جريدة الحوادث، العدد ٣٤٨، ٢٦ تشرين الأول ١٩٤٢.

(٥٢) جريدة الحوادث، العدد ٣٧٠، ٢٧ تشرين الثاني ١٩٤٢.

(٥٣) بۆ نموونه بروانه: جريدة الحوادث، العدد ٢٣٣، ٥ حزيران ١٩٤٢؛ العدد٢٣٦، ٩ حزيران ١٩٤٢؛ العدد ٢٤٥، ١٩ حزيران ١٩٤٢؛ العدد ٢٥١، ٢٦ حزيران ١٩٤٢.

(٥٤) جريدة الحوادث، العدد ١٠٩، ٩ كانون الثاني ١٩٤٢؛ العدد ١٢٩، ٣ شباط ١٩٤٢.

(٥٥) جريدة الحوادث، العدد ١٧، ١٩ أيلول ١٩٤١؛ العدد ٧٤٧، ٢٤ شباط ١٩٤٥.

(٥٦) جريدة الحوادث، العدد ٢٥٤، ٢ تموز ١٩٤٢؛ العدد ٢٤٦، ٢١ حزيران ١٩٤٢.

(٥٧) جريدة الحوادث، العدد ٣٤٨، ٢٦ تشرين الأول ١٩٤٢.

(٥٨) بروانه سەر وتارى: جريدة الحوادث، العدد ٣٧٢، ٣٠ تشرين الثاني ١٩٤٢.

(٥٩) جريدة الحوادث، العدد ٣٥٣، ١ تشرين الثاني ١٩٤٢،

(٦٠) جريدة الحوادث، العدد ٣٢٠، ١٨ أيلول ١٩٤٢؛العدد ٣٨٢، ١١ كانون الأول ١٩٤٢.

(٦١) جريدة الحوادث، العدد ٥٩٦، ٣٠ تموز ١٩٤٤.

(٦٢) جريدة الحوادث، العدد ٢٦٩، ٢١ تموز ١٩٤٢؛ والعدد ٢٨٥، ٩ آب ١٩٤٢.

(٦٣) جريدة الحوادث، العدد ٢٠٢، ٣٠ نيسان ١٩٤٢؛العدد ٢٦٠، ١٠ تموز ١٩٤٢.

(٦٤) جريدة الحوادث، العدد ١٣١، ٤ شباط ١٩٤٢؛ العدد ١٤٠، ١٦ شباط ١٩٤٢.

(٦٥) جريدة الحوادث، العدد ١٢٨، ٢ شباط ١٩٤٢؛ والعدد ١٣١، ٥ شباط ١٩٤٢

(٦٦) جريدة الحوادث، العدد ٥٤، ٢ تشرين الثاني ١٩٤١.

(٦٧) جريدة الحوادث، العدد ٧٩، ١ كانون الأول ١٩٤١؛ العدد ٢٤٩، ٢٤ حزيران ١٩٤٢.

(٦٨) جريدة الحوادث، العدد ١١، ١٣ ايلول ١٩٤١.

(٦٩) جريدة الحوادث، العدد ١٠٣، ٢ كانون الثاني ١٩٤٢.

(٧٠) جريدة الحوادث، العدد ٣٨٠، ٩ كانون الأول ١٩٤٢.

(٧١) جريدة الحوادث، العدد ٣٣٧، ٩ تشرين الأول ١٩٤٢.

(٧٢) جريدة الحوادث، العدد ١٤٣، ١٩ شباط ١٩٤٢.

(٧٣) جريدة الحوادث، العدد ٢٢٧، ٢٩ آب ١٩٤٢.

(٧٤) جريدة الحوادث، العدد ١٢٣، ٢٦ كانون الثاني ١٩٤٢.

(٧٥) جريدة الحوادث، العدد ٣٨٤، ١٤ كانون الأول ١٩٤٢.

(٧٦) جريدة الحوادث، العدد ١٦٢، ١٣ آذار ١٩٤٢.

(٧٧) جريدة الحوادث، العدد ٢٢٥، ٢٧ أيار ١٩٤٢.

(٧٨) جريدة الحوادث، العدد ٢٥٤، ٢ تموز ١٩٤٢.

(٧٩) جريدة الحوادث، العدد ٢٣٦، ٩ حزيران ١٩٤٢.

(٨٠) جريدة الحوادث، العدد ٣٩٨، ١ كانون الثاني ١٩٤٣.

(٨١) جريدة الحوادث، العدد ٤١٦، ٢٢ كانون الثاني ١٩٤٣.

(٨٢) جريدة الحوادث، العدد ٨٨، ١١ كانون الأول ١٩٤١.

(٨٣) جريدة الحوادث، العدد ٣٤٨، ٢٦ تشرين الأول ١٩٤٢

(٨٤) جريدة الحوادث، العدد ٣٧٠، ٢٧ تشرين الثاني ١٩٤٢.

(٨٥) جريدة الحوادث، العدد ٣٦٤، ٢٠ تشرين الثاني ١٩٤٢.

(٨٦) جريدة الحوادث، العدد ٣٣١، ٢٢ تشرين الأول ١٩٤٢.

(٨٧) جريدة الحوادث، العدد ٤٠٦، ١١ كانون الثاني ١٩٤٣.

(٨٨) جريدة الحوادث، العدد ٤٢٦، ٣ شباط ١٩٤٣.

(٨٩) جريدة الحوادث، العدد ٤٤٧، ٤ شباط ١٩٤٤.

(٩٠) جريدة الحوادث، العدد ٤٥٢، ١٠ شباط ١٩٤٤.

(٩١) جريدة الحوادث، العدد ٧٠٠، ٦ كانون الأول ١٩٤٤.

(٩٢) جريدة الحوادث، العدد ٥٠٢، ١١ نيسان ١٩٤٤.


**قائمة المصادر**

**الوثائق:**

١. دار الكتب والوثائق، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ١.

٢. دار الكتب والوثائق، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٢.

٣. دار الكتب والوثائق، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٣٥.

٤. دار الكتب والوثائق، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٣٨.

٥. دار الكتب والوثائق، الوحدة الوثائقية: أنباء وتوجيه، تسلسل الملف ٩٠/٣٢٠٣١، عنوان الملف: إجازة صحيفة الحوادث ١٩٥٤-١٩٦٠، الوثيقة رقم ٣٩.

**الجرائد:**

جريدة الحوادث

- **عام ١٩٤١** : الأعداد: ١، ٥، ١١، ١٦، ١٧، ١٩، ٢١، ٢٨، ٣٠، ٥٢، ٥٤، ٦٧، ٧٩، ٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩١، ٩٤.
- **عام ١٩٤٢** : الأعداد: ١٠٣، ١٠٩، ١١٥، ١٢٣، ١٢٨، ١٢٩، ١٣١، ١٤٠، ١٤٣، ١٥٢، ١٦٢، ١٦٩، ١٨٧، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٠٧، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٣، ٢٣٦، ٢٤٥، ٢٤٦، ٢٤٩، ٢٥١، ٢٥٤، ٢٦٠، ٢٦٩، ٢٨٥، ٢٨٦، ٣١٤، ٣٢٠، ٣٣١، ٣٣٧، ٣٤٢، ٣٤٨، ٣٥٣، ٣٦٤، ٣٧٠، ٣٧٢، ٣٨٠، ٣٨٢، ٣٨٤، ٣٨٧.
- **عام ١٩٤٣** : الأعداد: ٣٩٨، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٠٨، ٤١٦، ٤٢٦.

- **عام ١٩٤٤ :** ، الأعداد: ٤٤٧، ٤٤٩، ٤٥٢، ٤٦٥، ٥٠٢، ٥٣١، ٥٧٣، ٥٩٦، ٧٠٠.
- **عام ١٩٤٥ :** الأعداد: ٧٢٤، ٧٣٥، ٧٤٧، ٧٥٢، ٧٥٥، ٧٦٩، ٨٣٩.

**الكتب العربية:**

١. خالد حبيب الراوي، تاريخ الصحافة والاعلام في العراق (منذ العهد العثماني وحتى حرب الخليج الثاني ١٨١٦-١٩٩١)، دمشق، ٢٠١٠.
٢. طارق الناصري، عبد الاله الوصي على عرش العراق ١٩٣٦ – ١٩٥٨ حياته ودوره السياسي، ج ١، بغداد، ١٩٩٠.
٣. عبد السلام أحمد السامر، أساليب الدعاية البريطانية في العراق ١٩٣٩–١٩٤٥، بغداد، ٢٠٢٤.
٤. علي نوري الشمري، موسوعة الصحافة العراقية خلال قرن ونصف ١٨٦٩-٢٠١٢، بغداد، ٢٠١٣.
٥. فائق بطي، صحافة العراق (تاريخها وكفاح اجيالها)، بغداد، ١٩٦٨.
٦. قيس الغريري، رشيد عالي الكيلاني ودوره الوطني، بغداد، ٢٠٠١.
٧. نجم الدين السهروردي، التاريخ لم يبدأ غداً (حقائق وأسرار عن ثورة رشيد عالي الكيلاني ٤١ و٥٨ في العراق)، ط٢، بغداد، ١٩٨٩.

## قائمة المصادر بالانكليزية


**Documents**

1. Dar al-Kutub wa al-Watha'iq, Documentary Unit: News and Guidance, File Sequence 32031/90, File Title: Licensing of Al-Hawadeth Newspaper 1954-1960, Document No.1.
2. Dar al-Kutub wa al-Watha'iq, Documentary Unit: News and Guidance, File Sequence 32031/90, File Title: Licensing of Al-Hawadeth Newspaper 1954-1960, Document No. 2.
3. Dar al-Kutub wa al-Watha'iq, Documentary Unit: News and Guidance, File Sequence 32031/90, File Title: Licensing of Al-Hawadeth Newspaper 1954-1960, Document No.35.
4. Dar al-Kutub wa al-Watha'iq, Documentary Unit: News and Guidance, File Sequence 32031/90, File Title: Licensing of Al-Hawadeth Newspaper 1954-1960, Document No.38.
5. Dar al-Kutub wa al-Watha'iq, Documentary Unit: News and Guidance, File Sequence 32031/90, File Title: Licensing of Al-Hawadeth Newspaper 1954-1960, Document No.39.

**Newspapers**

Al-Hawadeth Newspaper

- **Year 1941**: Issues: 1, 5, 11, 16, 17, 19, 21, 28, 30, 52, 54, 67, 79, 87, 88, 89, 91, 94.
- **Year 1942** Issues: 103, 109, 115, 123, 128, 129, 131, 140, 143, 152, 162, 169, 187, 202, 205, 207, 225, 227, 231, 233, 236, 245, 246, 249, 251, 254, 260, 269, 285, 286, 314, 320, 331, 337, 342, 348, 353, 364, 370, 372, 380, 382, 384, 387.

  **Year 1943**: Issues: 398, 401, 402, 405, 406, 408, 416, 426.
- **Year 1944** Issues: 447, 449, 452, 465, 502, 531, 573, 596, 700.
- **Year 1945**: Issues: 724, 735, 747, 752, 755, 769, 839.

**Arabic Books**

1. **Khalid Habib Al-Rawi**, History of Press and Media in Iraq (From the Ottoman Era to the Second Gulf War 1816-1991), Safahat House for Studies and Publishing, Damascus, 2010.

2. **Tariq Al-Nasiri**, Abdul Ilah The Regent of the Throne of Iraq 1936-1958: His Life and Political Role, Vol. 1, Baghdad, 1990.
3. **Abdul Salam Ahmed Al-Samar**, British Propaganda Methods in Iraq 1939-1945, Baghdad, 2024.
4. **Ali Nouri Al-Shamri**, Encyclopedia of Iraqi Press During a Century and a Half 1869-2012,Baghdad, 2013.
5. **Faiq Butti**, Journalism of Iraq (Its History and Generational Struggle), Baghdad, 1968.
6. **Qais Al-Ghurairi**, Rashid Ali Al-Gaylani and His National Role, Baghdad, 2001.
7. **Najm al-Din al-Sahrwardi**, History Did Not Start Tomorrow (Facts and Secrets about the Revolution of Rashid Ali Al-Gaylani 41 and 58 in Iraq), 2nd Ed, Baghdad, 1989.